بەڕێز خانەوادەی خوالێ خۆشبۆ

بەڕێزان نوێنەرانی پارتە کوردستانی و ئێراقیەکان

بەڕێز فێدێڕاسیۆنی کومەڵە کوردستانیەکان لە سوێد

بەڕێزان بەشدارانی ماتەمینەکە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دڵە گەورەکەی ماموستا کەریمی حیسامی سیاسەتمەدارو نوسەرو ڕۆشنبیروکەسایەتی و ڕۆڵەی ناسراوی گەلەکەمان دوای ٣ مانگ بە نەخۆشی کوشندە لە ٦-١٠ لە لێدان کەوت. بەم بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەتا پرسەو سەروخۆشی وسەروکایەتی حکومەتی کوردستان و خۆمان ئاراستەی خانەوادەی بەڕێزی دەکەین و پێمان وایە بە لەدەست چونی ماموستا کەریمی حسامی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانێکی چالاك و ماندونەناس وگەلی کورد ڕۆڵەیەکی بەوەج و نوسەرانی کوردستان ئەندامێکی چالاکی خۆی لە دەست دا.

بێگومان ماموستا کەریمی حسامی پانتایەکی فراوانی لە بزاڤی ڕۆناکبیری و نێوەندە کولتوریەکان داگیری کردبۆ . بەرهەمەکانی ماموستا پەرتوکخانەی کوردیان پڕتر و دەوڵەمەند ترکرد و جێگای پەنجەی لە گەلێك شوێن دیارە و هەربۆیە پێمان وایە کاکە کەریم نەمرە.

پەیوەندی نزیکی من لەگەڵ ماموستا کەریمی حیسامی زیاتر بۆ سالانی دوای ڕاپەرینی پیرۆزی سالی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە. دوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کاك کەریم بۆ بە یەکێك لە هەرە مودافعە دیارەکانی ئەم دام و دەزگا ساوایانەمان. ئەو یەکێك بۆ لەوانەی کە لە ساتە تاریکەکاندا بە گەشبینی دەیڕوانیە مەسەلەکان و ئۆمێدی دەبەخشیە نائۆمێدان و تارمایی بێ هیوابۆنی لەدڵ و دەرونی جەماوەر دەرەواندەوە و بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی کوردان تێدەکۆشا و ڕۆڵێکی رۆشنکەرەوەی دەبینی.

کاکە کەریمی خوالێخۆشبۆ یەکێك لەو کوردە ڕەوشەنبیرانە بۆ کە سەرەڕای مەشغۆلیەتێکی زیاد بە نوسین هەمیشە کاتێکی دەدۆزی یەوەو سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد و ڕامان ئالۆگۆڕ دەکرد لەسەر پرسە گرنگەکانی کوردستان .

ماموستا کەریمی خوالێ خۆشبۆ بانگهێشت کرابۆ لە لایەن سەروك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەردانی کوردستانی فێدێراڵ، وەلی مخابن پێرا نەگەیشت ئەو ئاواتەی خۆی بەدی بێنێت. لە دوایین سەردانمان بۆ لای ماموستا کە باسی کوردستانم لەگەڵ کردو سلاوی جەنابی سەروك بارزانی و سەروکی

حکومەت و سەرکردایەتی پارتیم پێ گەیاند و باسی کوردستانم لەگەڵی کرد رەنگی کرایەوەو هەوڵی قسە کردنی دا و گوتی حەز دەکەم بچم بۆ کوردستان .

جەنابی سەروک بارزانی وسەروکی حکومەتی کوردستان سەرەڕای ئەو بارە ئاڵۆزەی دوایی جیهان و ناوچەبە ووردی لە رەوشی کاك کەریمیان دەپرسی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای نوێنەرانیانەوەو هەموو ئامادەییەکیش لەلایەن حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیارکرابۆ بۆ گواستنەوەی تەرمی خوالێ خۆشبۆ بۆ کوردستانی فیدێراڵ.

مەرگی ناوادەی کاك کەریم بۆشایی و کەلێنێکی زۆر دەخاتە نێو کاروانی بزاڤی ڕۆناکبیریمان و خەسارەتێکی گەورەشە بۆ ڕەوەندی کورد لە تاراوگە دا.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ماموٚستا کەریمی حسامی و رۆحی شادبێت.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری ئەوروپا

٢٠٠١-١٠-١٤